فواد کێ بوو ؟

ئەمڕۆ یادی کەسێک ئەکەینەوە و ڕێزی لێ ئەگرین کە سی ساڵ لەمەوبەر لەڕۆژانێکی سەخت و دژواردا کە هەژاران و بەش مەینەتانی کوردستان خەریک بوون خۆیان ئامادە ئەکرد بۆ بەرەوڕوو بوونەوەی هێرشی سەرتاسەری ئەوکاتی ڕژیمی کۆنەپەرەست ی ج- ا ، لە ڕێگای خەبات بۆ بەدی هێنانی ئامانج و ئارەزووەکانیدا گیانی لە دەس دا ، ئەو کەسە فوادی مستەفا سوڵتانی بوو!

ئەگەر ئەم پرسیارە بکەین لە کەسانی جۆربەجۆر کە هەرکامە بە جۆرێک لەگەڵ فواد بووبێتن یان لەدوورەوە ناویان بیستبێت و لەگەڵیا ئاشنا بووبێتن ، هەر کەسەو لە ڕوانگەی خۆیەوە جوابێک ئەداتەوە :

هەر کەسە بە جۆرێک کاریگەری فواد لەسەر خۆی باس ئەکات ، هەر کەسە بەجۆرێک بۆ خۆێ لێکی ئەداتەوە ،

جاری وا هەڵئەسەنگێندرێت وەک پێغەمبەرێک ، وەک کەسێک کە جوابی هەموو شتێکی پێ بوو . جاری واش هەیە خەڵکی تازە پیاکەوتووی ئەم دەورانە ، بۆچوونی ئەمڕۆیان ئەکەنە پایەی لێکدانەوەی دوێنێیان و لە مێژوو و لە لێکدانەوەیەکی مێژوویی تێ دەپەڕن و هەوڵ ئەدەن بۆ وەلانان و کەم بەها دان بە فواد

من فوادم چۆن دی

جواب دانەوە بەو پرسیارە لەدوای ساڵانێکی دوور و درێژی بەسەرا چوو ئاسانیشە و سەختیشە،

ئاسانە ، چونکوو هەر ئەمڕۆ و هەر ئێستاش هەر کاتێک لەگەڵ خۆم و ژیانی خۆم و ڕەوتی ڕوداوەکان و شۆڕش و خەڵک و خەبات و زوڵم و داگیرکاری و ڕاوەستان و خۆویستن و خۆ نەویستن بەرەوڕوو ئەبمەوە ، کاتێک بیری چارە نووسی کۆمەڵەی لەت و پەت کراوی فواد ئەکەمەوە ، فوادم دێتەوە بیر و لە خۆم ئەپرسم داخوا ئەگەر ببوایە چۆن سەیری ئەم بار و دۆخەی ئەمڕۆی ئەکرد ؟ ئەمە تەنها بۆچوونی من نیە زۆرکەس کە ڕوژێک لە ڕۆژان دیبێتیان و کاریان لەگەڵ کردبێ یان ناسیبێتیان هەر وا ئەیژن .

سەختە جواب دانەوە بەو پرسیارە لە ماوەیەکی کورتا ، ئاخر خۆ تەنیا باسی چەن ساڵ ژیان و بیر وبۆچوونی فواد نیە ، کە بە تەمەنێک کورت ئەویش بەشە هەرە زۆرەکەی بەندکراوی زیندانی دەسەڵاتی ڕەشی ڕژیمێکی زاڵم و سەرکوتگەر و داگیرکەر بوو ، باس لەم سی ساڵەشە کە نەم توانیوە لە کاتی تەنگانەدا پەنای پێ نەبەم و بیر لەوە نەکەمەوە کە گەر ببوایە چی دەکرد و هەڵسووکەوتی چۆن ئەبوو ، نەک هەر من بەڵکوو زۆر کەسانم دیوە کە لەم هەموو ساڵە بەسەر چووەدا پرسیویانە ڕاستی ئەگەر فواد بمایە چی دەکرد و چی ئەوت . تەنانەت لە سەرکردە و کەسانی گەورەی دەسەڵاتداری دڵسۆزی شۆڕشی کوردستانم بیستوە لە سەر دڵسۆزیەوە و لە کاتی گیر و گرفتەکانمانا یادی فوادیان کردوە و بیریان لەوە کردوەتەوە کە گەر فواد ببوایە جۆرێکیتر ئەبوو کە چی زۆر کەم دیبوویان و کەم دەیانناسی

سەرجەم گشت ئەمانە وای لێ کردووم بێژم سەختە جوابی پرسیارەکە

ڕاستی فوادکێ بوو؟ چۆنی بیر دەکردەوە ؟ چی کرد و چۆن جووڵا ؟ بۆ چی ناتوانم و ناتوانین فەرامۆشی کەین ؟

خۆ لە ساڵانی دوور و درێژی رابوردوودا زۆر ئینسانی گەورە و تێگەیشتوو و پێ گەیشتوومان لەدەس داوە و یادی هەر هەموویان لامان زیندوە ، ئەی بۆچی فواد لەناویاندا هێشتا وەک هەسارەیەکی پڕ شەوق لە هەموان زیاتر ئەدرەوشێتەوە ؟

خۆ زۆر کەس بوون و بووین ، کە خۆمان بە شاگرد و ڕێ ڕەوی فواد لەقەڵەم داو و ئەشی دەین ؟ ئەی جیاوازیەکان کامانەن ؟

هەرکات بیرم لێ کردبێتەوە و دەرفەتێک رەخسا بێ یادێکی لێ بکەم دواجار خوم سەرزەنشت کردوە کە خۆ ئەم جارەش نەمتوانی پڕاوپڕ ئەوەی کە ویستم باسی بکەم . هەرجارە و بەجۆرێک بۆی چووم بەڵام ئەوم لە لووتکەیەکدا دی و هەستم کرد بەتەواوی دەسم پێ ڕاناگات .

لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیگەلێکی بوو کە دوزینەوەیان بۆ من ئاسان نەبوە

فواد کێ بوو؟

ئینسانێک بوو کە بیر و بۆ چوونێکی بوو ، بە واتای ئەمڕۆ ئیدئۆلۆژی و ڕوانگەیەکی بوو ، مێتودێکی بوو بۆ لێکدانەوی کومەڵگایەک کە تیا ئەژیا و هەوڵی ئەدا بۆ دوزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکانی و دوایەش پێوانی ئەو ڕێگایە.

شەخسیەتێکی بوو پڕ لە هەستی ئینسانی و ئینساندۆستی .

ئەوجورەی من لێ گەیشتبێتم کومەڵگا لە ڕوانگەی فوادەوە پێک دەهات لە دارا و نەدار ، لە دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات ،

ئەو ئەیزانی کە ئەم سیستمە نابەرابەر و ناعادڵانەیە و تیا هەق لە هەقدار بڕاوە

تێ گەیشتبوو و پێ گەیشتبوو کە ئینسان لەم سیستمەدا بایەخی خۆی نیە و ئەوەی کە بایەخدارە بەرژەوەندی تاکە کەسە و بە کوردی خۆمان گیرفانە

فواد بەوە گەیشتبوو لەلای کی ڕاوەستی و چۆن ژیانی خۆی بەسەر ببات بۆ رزگار کردنی نەک هەر خۆی بەڵکوو رزگار کردنی ئینسان .

ئامانج و هەدەفی فواد رزگار بوون و رزگار کردنی ئینسان بوو لەدەس زوڵم و زۆر و چەوسانەوە ، چونکوو پێی وابوو پایەو مایەی ئەو وەزعە هیچ نیە جگە لە بەرژەوەندی بەرتەسکی خۆویستی و قازانجی شەخسی ، دەیزانی ئینسان کاتێک رزگار دەبێ کە سیستمێک بێنێتە کایەوە کە تیا ئازاد بێ و بە ئازادی و یەکسانی بژیت ، بۆ خۆی و بۆ نەوەکانی داهاتووی .

فواد وەک هەموو ئەو کەسانە کە بە درێژایی ژیانیان تێکۆشان و بوون بە قوربانی ، گشت ژیانی خۆی بۆ ئەو ئامانجانە تەرخان کرد .

درۆ نیە کە تۆوی شورش بوو ، کاری ئەو ئەوەبوو  لەهەر کوێ تەنووری خەباتی زۆڵم لێکراوان لە گڕوتاودا بوایە ئامادە بوو .

وانەبوو وەک هێندێک کەس باسی ئەکەن و بێ گومان لەسەر خۆشەویستی فوادەوە بۆێ ئەچن ، چما هەر لەبەرێکەوە ئیدەی شۆڕشگێرانەی ئەخولقاند ، مەسەلە ئەوە بوو کە ئەو خۆی ئەکرد بە ژووری شۆرش و شۆڕشواندا و ئەبوو بە رابەر و سەرکردە و تێکۆشەرێکی جێ متمانە .

بەو واتایە فواد شۆڕشگێرێکی راستەقینە بوو ، هەموو ژیانی خۆی بۆشۆڕش تەرخان کردبوو.

فواد بوو بە ڕابەر نەک لەبەر ئەوەی لەم یان لەو گونگرە و کونفرانسدا ، کەسانێک کۆ ببنەوە و بیکەن بە سەرکردەی خۆیان ، لەبەر ئەوە بوو بە رابەر وسەرکردە چونکوو نیشاندەری ڕێگای رزگاری خەڵکی چەوساوە بوو ، ئەویش نەک هەر بە قسە بە کردەوەش ، ئەوەی ئەیوت ، کردەوەشی لەگەڵدا بوو و لەگەڵ دنیای واقیع دەگونجا ، جوابی پێداویستی خەباتی سەردەمی ئەدایەوە.

فواد بۆ هەر جۆرە خەباتێک بایەخ و جێگای خۆی دادەنا و پێی وابوو هەر شتێک پەیابوون ، گوڕان و گەشەکردن و تیاچوونێکی هەیە. بۆیە گەرچی داهێنەر و رێکخەری یەکیەتی جووتیارانی مەریوان خۆی بوو ، بەڵام دەرئەنجامەکەی کە بەسەر چوو ووتی ئیتر دەوری تەواو بوو.

فواد کتێبێکی کراوە بوو ، ئەتزانی لاپەڕەی دواتری درێژەی هەر هەمان لاپەڕەیە کە لە گەڵیا خەریکی و ئەمە دڵنیایی پێت دەبەخشی.

رەخنەگرێکی دڵسۆز بوو ، رەخنەکانی بۆ چاکتر کردنی کار بوو ، بۆ باشتر بەڕێوە بردنی ئەرکەکان بوو نەک بۆ حسابگەری و بەرژەوەندی شەخسی؛

ئامانجی سەرەکی بیر و بۆچوونی فواد بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێ بەشانی ناو کۆمەڵگا بوو ، هەرچیش کە کردی لەو ڕێگایەدا پێناسە ئەکرێ ،بۆیە مەکتەبی نەبوو ، ئەو داهێنەر بوو.

فواد پێی وابوو ، شورش کاری جەماوەرە ، پێی وابوو تەنها بە خودی ئەو جەماوەرەیە شورش بە سەرئەنجامی واقێعی خۆی دەگات ، ئەوەشی کردبوو بە مێحوەری کارو ژیان و کردەوەی خۆێ و کار و کردەوەی هەر هەموو ئێمە مانانیشی بەو پێیە هەڵدەسەنگاند.

هەر وەک خۆێ دوای زیندان ئەیوت ، کاتێک بیری هاوڕێیانی خۆێ دەکردەوە کە هێشتا هەر لە زیندان بوون یان بیستبوی کەسانێک دەستیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هەڵگرتوە و ڕێگای شۆڕشیان گرتوەتە بەر ، دڵی گەرم ئەبوو و لە دڵەوە ئەگریا . گریانی خۆشی ئاشقانی رێگای رزگاری ئینسان رێگای رزگاری بێبەشانی کۆمەڵگای ئینسانی ، ئەیزانی  شۆڕش خۆنەویستی گەرەکە و قوربانی دەوێ!

فواد پێی وانەبوو ئوسولی بیر و بۆچوونی شۆڕشگێرانە نەگۆڕن و لەهەر سات و کاتێکدا ولەهەر کوێ دایبنێی خۆی ئەبێ بە ماڵ ، پێ وابوو بە بێ بوونی زەمینەی ماددی و واقعی هیچ ئەسڵێک خۆی لە خۆیدا نابێ بە ماڵ ، بۆیە کاتێک لێی دەپرسن بۆ پێک هێنای حزبێکی کومونیستی چۆن بیر ئەکەیتەوە، جوابەکەی ئەوە ئەبێ کە هەل و مەرجی واقعی کۆمەڵگایە کە جوابی ئەو پرسیارەمان پێ ئەداتەوە، بە واتایەکیتر مانای ئەوەیە  زەمینەی کومەڵایەتیە ڕێگا خۆش ئەکات بۆ ئەو جوابە و بە بڕوای من هەق بە

فواد بوو. ئێمە لەدوای ئەو ، لە جیاتی ئەو واقع بینیەی فواد ، بۆچوون و ئیرادەی خۆمان کرد بە پایەی لێکدانەوەکانمان کە خۆی سەرەتایەک بوو بۆ گیر و گرفتەکانی داهاتوومان.

دوای مەرگی دڵتەزێنی فواد ، ماتەمینی هەر هەموومانی داگرت ، دوژمن شاد بوو ، ئەو خەڵکەی کە فوادیان بە سەرکردەی خۆیان دەناسی حەپەسان و ئێمەی شاگردان و یارانی هەستمان بە بێ کەسی کرد. کۆمەڵە سەری خۆی لەدەس دابوو.

فواد بوو بە میدالیای شۆرش بۆ بەر یەخەی هەموومان.

فواد کێ بوو ؟

وەک چۆن شاعێرێک ژیانی خۆی لە شیعردا دەبینێتەوە ؛

چۆن موزیسیەنێک بوونی خۆی لە موزیکدا دەبینێتەوە؛

چۆن دایکێک خۆی لە مناڵەکەیدا دەبینێتەوە؛

فوادیش خۆی لە شۆڕشدا دەدیتەوە ، پاک و خاوێن؛

رێک هەر بەدوای فوادا بوو کە گۆڕانکاریەکان دەستی پێکرد ، راست و رەوا لە چێهرەی هەر هەموومان و هەریەکە بە جیا دەخوێنرایەوە کە نەبوونی فواد مانای هەیە ، ئاخر ئێمە پێش ڕابوون لە ئێران یەک بیر و یەک جۆر نەبووین، فواد بوو بە کۆڵەکەی ئەسڵی مانەوەمان و پێکەوە کار کردنمان، ئەو نەبوایە ئەوەش کە بووین و هەین نەدەبووین ، بێگومان بیر و بۆچوون و رەوش و مەنشی فواد نەبوایە کۆمەڵە نەدەبوو ، شتێک دەبوو بەڵام نەک ئەوەی کە هاتە مەیدان.

کاک فواد بلیمەتێک بوو کە ئەیزانی لەگەڵ کێ ، بۆچی و بۆ چ مەبەستێک رێک دەکەوی، فریوکار نەبوو و پاچە قولی کەسی نەئەدا، من نەم دی و نەم بیست بۆ رەخنە گرتن لە بۆچوون و کردەوەی کەس ناڕاستەو خۆ کار بکات، خۆی بەرەو ڕوو ئەبوو لەگەڵ گرفتەکان،هەوڵیشی ئەوە بوو راستەوخۆ و چاو لە نێو چاوان قسەی خۆی بکات،ئینسانێکی سەریح بوو و دڵسۆز.

فواد پێی وابوو شۆڕش کاری جەماوەرە و بۆ بێبەشانی کۆمەڵگایە،بۆیە پێی وابوو کەسانی تێکۆشەر و خەباتکار گەر بیانەوی بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن ئەبێ لەگەڵ جەماوەر بن و تەنانەت وەک ئەوان بن،وەک ئەوان بژین و تێکەڵیان بن. لەم بوارەشدا ئەوەی کە توانی ووتی و کردی.

فواد لە هەر بوارێکدا کە بیزانیایە باسی خەڵک و شۆڕش و چارەنووسی جەماوەر لە ئارادایە خۆی پێ دەگەیاند و مۆری بیر و بۆچوونی خۆی لێ ئەدا، بۆیە لە ماوەی کورتی ژیانی دوای ئازادبوونی لە زیندان لە زۆربەی زۆری ئەۆ شوێنانە کە لەسەر چارەنووسی خەڵکی کوردستان بریارێک درابێ جێ پەنجەی فوادی پێوە دیارە.

ئێستا لەدوای سی ساڵ و بە تێروانینی ئەمرۆشمانەوە جێگای فواد هەر خاڵیە، بۆشایەک هەر هەیە ، فواد نەماوە بەڵام بنەمای بیر وبۆچوونی ئەو هەر لە جێگای خۆیەتی، بەبڕوای من لەسەر بنچینەی ئەو بیروبۆچوونانەوە و بەپێی گۆڕانکاریەکانی سەردەمئەو ئیمکانە هەیەبۆ سەر هەڵدانەوەی رەوتی

سۆسیالیستی کە بەرژەوەندیەکەی تەنها بەرژەوەندی هەژاران و بەشمەینەتانی ناو کۆمەڵگای کوردستان بێ و لەو رێگاشەوە خزمەتکاری بەرژەوەندیەکی بەربڵاوتر بێ لە سەراسەری ئێران و جێهان .

با لەجیاتی خۆهەڵکێشان بە ناوی فواد و سەرجەم ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و سەرفەرازی ئینسان، هەر هەمووومان بەڵێن بدەین کە بۆچوون و کردەوەی فواد بکەین بە هەوێنی یەک گرتن و یەک گرتنەوەمان، بۆ کۆمەڵەیەکی یەکگرتوو، ئەمڕۆیی ، راست گۆ و شۆڕشگێڕ کە ڕێگا خۆشکەر بێ بەرەو سۆسیالیزمێک کە ڕێگای رزگاری ئینسانی تیا بەدی دەکرێ.

بێگومان کاک فواد لەرێگای گەیشتن بە ئامانجە ئینسانیەکانیدا بایەخی بە گیانی خۆی نەئەدا و بۆ هەتا هەتایە هەر هەمووومانی لە بوونی خۆی مەحرووم کرد .

صبر بسیار باید پدر پیر فلک را          کە دگر مادر گیتی چوتو فرزند بزاید

یادی فواد وەک هەموو رێبوارانی ڕێگای رزگاری ئینسان هەر بەرز و بەڕێزە .

2009 8/29  ستۆکهۆڵم